
شیعر



هاشم سەڕاج

# شەبەنگی شینی ژمارەکان



٥٥

ئەمشەو
بە عەتری
ژمارە
سێ
مەستبووین
بە ئاگری
ژمارە
یەک
هەڵایساین !


٥٦

کراسە نارنجییەکەت
سیستمێکە

له ژمارەگەلێکی شین
ئاوەڵکراسەکەت
لێکسیکێک
له وشەگەلی سپی!

٥٧

گەردوون پرتەقاڵێکی
شینه له ژماره
مرۆڤ توێکڵەکەیەتی
وەره
چنگێک ژمارەی نارنجیت
بەرووخسارا پەرشکەم و
ماچێکی لیمۆیی له
چەناگه بازنەیییەکەت
بکەم و گۆنا
سێگۆشەیییەکەت نا!




٥٨


شەش
نارنجییەکی تۆخه
حەوت
شینێکی کاڵ
هەشت
قاوەیییەکی
مەیلەو زەرد
نۆ
سوورێکی

کەستەنایی
دە
شەکەرییەکی ئامآڵ سپی
چواردە
باینجانییەکی
بریقەدار
شەبەنگی ئەم هەموو رەنگە
لە تاڤگەی ئاوێزەی جەستەی
برۆنزیت
دادەرژێ!

٥٩

تۆ بە
بەبریقەی شینی
ئاوێنەی
رووخسار
و
عەتری ئەگریجەت
دەنازی
و
نازانی
چەکووشی قەدەر
خۆی لە درزە
پرتەقاڵییەکاندا
مەڵاسداوە!





٦٠

مەراقی شینت
لەتە
-کراک-ێکی
زەردە
و
تا دێ
بونیادی
ڕۆح و جەستەم
دەپووکێنێتەوە!

٦١

جوانیت زەنگێکی زەردە
و
لەپڕێکا
ڕەوشی بێ ئاگایم
تێک دەدا
و
لە پانتاییەکی سپیدا
بە ئاگام دێنێتەوە!


٦٢

نازانم
چۆن
لە
نهێنییەکانی
هاوسەنگی

مۆسیقای
شینی رۆح
و
لەنجەی
سووری باڵات
بگەم!

٦٣

پێویستە
تاوێکی تریش
تێ رابمێنم
نازانم بەو
ئاشنابوونە شینە
چیم بە خۆم کرد!



٦٤

دەڵێی
لە خولی باسکە
دەگەڕێتەوە
تۆپێکی سپی
لە تۆڕە سەوزەکەی دایە و
پرچی رەشی
تاڵ تاڵ
رژاوەتە
سەر سینە و مەمانی!

٦٥

دوا جار

چنگە حەبێکی

نارنجی

بە کەفی

شەربەتی شینی

ئەناناس

قوت دەدەین!

٦٦

من

دەمزانی

تەنیایی

بە ئارامییە

سپییەکەی

ژاوەژاوی

رەشی

ئەوی دی

لە نێو دەبا!




٦٧

شەو هەشتی دەویست بۆ حەوت

لە نێو توخمە جیاوازەکانی

جەستەدا

ئاگرەکانی زمانمان هەڵایساند

و


شەرابی  جوانیمان

نۆشی

و

رستە بە نەشوەی
مەستی
سەمای دەکرد
و
دەتگوت
لەتە جیوەی شینی قەدەرە
و
دەسگیر ناکرێ!

٦٨




بە داگیرسانی
دەنکە ڤالیۆمە
کەسکەکانی
پرچ و رووخسارت
نەتەنها
دڵی
سەوداسەر
رۆحیش
لە هۆش خۆی
دەچێت!

٦٩

ئاسکی سرووش
لە مێرگی عیشق
نەگەڕێ
نەتەنها
چاو

زمانی
شیعریش
لە گۆ دەکەوێ!


٧٠
کاتژمێر پێنجی ئێوارانی
هەموو ڕۆژێک
بە تەنکە کراسێکی پەمەیی
و
چەپکێ شانە
و
باوەشێ عەتری رەش
دەدرەوشێ
ئەو شۆڕەژنە لەچک سپییە
جارجارەش
پێ دەکەنێ!



٧١
من پیاڵەیەک وشەی گەرمم
هەڵڕشتە سەر سفرەی چێژ
ئەو لە مووبەقی ساردی
مانادا دیار نەما!

٧٢
ئێوارە لەوێ دانیشتین
و
کۆمەڵێک شتگەل دەوریداین
ئەو کراسێکی ئاودامانی شینی

پۆشی بوو
به هێمنی دەدوا و
لەت لەت مۆسیقای زەردی
هەڵدەڕشت
دنیاش
لەسەر ئاوازی کەسکی ئەزەل
بە لاری سەمای دەکرد!



٧٣
گەردوون قەبارەیەکی گەورە و بەتاڵە
مرۆڤ تیایدا بەدەم ڕێکردنەوە
نەردی بچووک بچووک و ڕەنگاوڕەنگ
هەڵدەدا!

٧٤
سۆفیا هەمیشە هاوار دەکا
جیهان بە نایەکسانی و خامۆشی
ئەفرێنرا
بە نایەکسانی و خامۆشیش
لەنێو دەچێت!

٧٥
جەستەت
تێکستێکی کراوەیە
مۆسیقای غەریزەکانی
ڕۆح و بازنەکانی ڕاڤە
دەورووژێنێ !